ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## شیکردنەوەی فەرمانی Dxdiag لە Run.

نووسەر: @:

وەک لە وانەی (هەندێک لەفەرمانەکانی (RUN دا نووسیبووم کە فەرمانی dxdiag لە وانەیەکی تایبەتدا شیدەکەمەوە. ئەمەش وانە تایبەتیەکەیە لەسەر فەرمانی dxdiag ، ئەم فەرمانە زۆر گرنگە بۆ هەموو کەسێک کە بیزانێت لە بارەی کۆمپیوتەرەکەی خۆیەوە، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە زۆر شارەزا نین لەو بوارەدا.

فەرمانی dxdiag زانیاریەکی تێرو تەسەل و بێ نموونەمان پێدەدات لەسەر کۆمپیوتەرەکەمان، بۆ نموونە جۆری کارتی شاشە و جۆری کارتی دەنگ و دەیان شتی دیکەی بەسوود.

کرتە بکە سەر Start و پاشان کرتەیەکیش بکە سەر RUN و لە نێو خانەی پەنجەرەکەدا بنووسە dxdiag




OK کرتە بکە.

پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ دێتە پێشەوە



3> بەشی سیستەم بە گشتی

لەنێو لاکێشەی ژمارە 4 دا زانیاریەکی گشتیمان دەست دەکەوێت لەسەر کۆمپیوتەرەکەمان، بۆ نموونە جۆری ئۆپیرەیشن سیستەمەکە، زمانی ویندۆز، RAM، چەند شتی دیکەی بەسوود.

ئەگەر بتەوێ ئەو زانیاریانە وەک پەڕگەیەکی نووسراوەی ئاسایی لای خۆت پاشەکەوت بکەیت دەتوانی کرتە بکەیتە سەر Save All Information، ئەو کاتە هەموو زانیاریەکان پاشەکەوت دەکات.

لەسەرەوەی پەنجەرەکەدا کرتە بکە سەر Display




لێرەدا زانیاریەکی تێرو تەسەل دەبینین لەسەر جۆری کارتی شاشەی کۆمپیوتەرەکەمان و ئەگەر بمانەوێ تاقی بکەینەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە چاک ئیش دەکات، دەوانی کرتە بکەیتە سەر Test DirectDrwa و پاشان Test Direct3D.

ئێستا لەسەرەوە کرتە بکە سەر Sound بۆ بینینی زانیاری لەسەر کارتی دەنگی کۆمپیوتەر




لە نێو لاکێشەی ژمارە 8 دا ناوی جۆری کارت دەنگی کۆمپیوتەرەکەت دەدۆزیەوە، ئەگەر نایزانیت.

ئەگەر دەتەوێ کارتی دەنگی کۆمپیوتەرەکەت تاقی بکەیتەوە، دەتوانی کرتە بکەیتە سەر Test DirectSound و ئەو کاتە ڕاستەوخۆ دەنگێك دەخوێنێت.

من لێرەدا بە خێرایی شیمکردۆتەوە، بەڵام خۆت دەتوانی زۆرتر چاوی پێدا بخشێنیت ئەگەر پێویستت بە زانیاری زۆرترە.

کۆتایی.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت